# له دادگای دیکتاتۆره‌کاندا ژنانی کورد قوربانی و قاره‌مانن

مه‌هاباد قه‌ره‌داغی



ڕه‌نگه دادگاییکردنی گه‌له‌گورگی پێشووی عێراق (سه‌ددام و نینۆکه‌کانی)، درێژترین دادگای مێژوو بێت. پۆلێ دیکتاتۆرن که له نێو قه‌فه‌زه‌کانیشه‌وه هه‌مان شه‌یدابوون ده‌نوێنن بۆ خوێنڕشتن و پێناچێ له ساتێک و له یه‌کێک له‌و هه‌زاران تاوانه پاشگه‌ز بووبنه‌وه که به‌لافاو به‌ڵگه‌یان له‌سه‌ره و، ته‌نانه‌ت نکۆڵی ده‌که‌ن له ئه‌نجامدانیان. به‌رامبه‌ر به دیکتاتۆرێک که خاوه‌نی تیژترین که‌ڵبه‌یه، چه‌ند مرۆڤێکی کورد هه‌م سکاڵاکار و هه‌میش گه‌واهیده‌رن. له‌نێو ئه‌و گه‌واهیده‌ر و سکاڵاکارانه‌دا چه‌ندان ژنی کورد هه‌ن که ده‌کرێ بیانکه‌ین به سیمبۆلی هه‌موو ژنانی قوربانی، که هاوکات قاره‌مانیشن.

**قوربانین**، چونکه بێ ئه‌وه‌ی ئامرازێکی له‌خۆبه‌رگریکردنیان هه‌بێت ڕاپێچی چاره‌نووسێک کران که نووسه‌ری سیناریۆی ئه‌و چارانه نه خودا بوو، نه خۆیان، به‌ڵکه ئه‌و دیکتاتۆرانه بوون که ئێستا بێشه‌رمانه له نێو قه‌فه‌زه‌کاندا به چاوێکی تژی له ڕق ته‌ماشایان ده‌کات و له هێمای چاویاندا ئه‌وه ده‌خوێندرێته‌وه ئاواتی مه‌رگ بۆ ئه‌مانه‌ش بخوازن.

**قاره‌مانن**، چونکه به بێ ئه‌وه‌ی ئامرازێکی له‌خۆبه‌رگریکردنیان هه‌بێت، له‌و چاره‌نووسه ڕاپسکان و به‌رگه‌ی هه‌موو ئازاره‌کانی ژیانیان گرت و مانه‌وه و ئێستا له دژی ئه‌وان سکاڵاکار و گه‌واهیده‌رن.

ئه‌م قوربانییه قاره‌مانانه، له هیچ خوێندنگه‌یه‌کدا حه‌رفێکیان نه‌خوێندووه، به‌ڵام ده‌رچووی ئه‌و به‌ندیخانانه‌ن که شاعیرێکی گه‌وره‌ی کورد (قانع) ناوی لێنابوو قوتابخانه. ئه‌م ژنه‌کوردانه‌ی که ده‌رچووی نوگره‌سه‌لمانن و، له‌وێ مه‌رگی مێرد و منداڵی خۆیان دیووه و، لاقه‌ی کچه‌ل و، فه‌لاقه‌ی کورگه‌ل قولایی ناخی ته‌نیون، جگه‌له‌وه‌ی برسێتی و تینوێتی و ئازاریان چێشتووه و ، ئه‌گه‌رچی له نێو قه‌واره‌ی گه‌وره‌ترین قاردا قرچاونه‌ته‌وه و قاڵ بوون، ئێستا ساده و ساکار، بێباک و نه‌ترس، له به‌رچاوی کامیرایه‌ک که دنیا ده‌یبینێ، پیرۆزبایی قه‌فه‌ز له سه‌ددام و که‌ڵبه‌کانی ده‌که‌ن و، یه‌که یه‌که‌ش حیکایه‌ته سامناکه‌کانی ئه‌نفال، که تا دوێنێ ته‌نها بۆ خۆمانیان ده‌کرد، ئێستا بۆ هه‌مووی دنیای ده‌که‌ن.

هیچ ئه‌کادیمییه‌ک هێنده‌ی ئه‌م داده ئه‌نفالدیتووانه ناتوانێ کاتاسترۆفی ئه‌نفال به جیهانی بکات. به‌سه‌رهاتی لاقه و فه‌لاقه‌کردنی خوشکه‌ئه‌نفالکراوه‌کانمان له لایه‌ن (حه‌جاج)ه‌وه له زیندانی نوگره‌سه‌لمان، که‌سمان وه‌ک ئه‌وان نه‌مانده‌توانی به جیهانی بکه‌ین.

له نۆی نیسانی ساڵی 2005 دا له کۆنفرانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ژنانی کورد که له ستۆکهۆڵمی پایته‌ختی سوێد سازمان دا، بۆ پیرۆزکردنی کۆنفرانسه‌که، کردنه‌وه‌یمان سپارد به داده نه‌بات، ژنه‌قوربانییه‌کی قاره‌مانی گه‌رمیانی، ئه‌ویش به چیرۆکێکی زۆر کورت به‌ڵام ته‌زوویه‌کی تیژی ده‌به‌خشی، موچورکی هێنایه گیانی هه‌مووان. داده نه‌بات به تۆنێک که ده‌تگووت فواره‌ی خه‌مه و به‌سه‌ر مه‌رگێکی ناواده‌دا ده‌پژێ، حیکایه‌تی مه‌رگی منداڵه‌که‌ی خۆی گێڕایه‌وه:

(( له باوه‌شما بوو، گیانی ده‌دا، به ده‌م گیاندانه‌وه داوای خه‌یاری ده‌کرد، هه‌رچیمان کرد و کۆشا خه‌یارێکمان ده‌ست نه‌که‌وت، نه‌علێکی سه‌وزمان هه‌بوو، له‌باتی خه‌یار تاکێکی ئه‌و نه‌عله‌م دایه ده‌ستی و بردی بۆ ده‌می و گیانی ده‌رچوو.))

چه‌ند ڕۆژێ دوای ئه‌و کۆنفرانسه‌ش که گروپێک ژنی کوردستان میوانی خاتوو ئولله هۆفمان بووین له په‌رله‌مانی سوێد، داده نه‌بات ئه‌م چیرۆکه‌ی گێڕایه‌وه و منیش بۆم وه‌رده‌گێڕا، هۆفمانیش وه‌ک ئێمه نه‌یتوانی فرمێسکه‌کانی قه‌تیس بکات.

له دادگای دیکتاتۆره‌کاندا **سه‌گێکی ڕه‌ش**، که لاشه‌ی نه‌مره‌کانی خواردووه، بووه‌ته هێمایه‌ک که قه‌ترانیتر له ڕه‌ژووی مێژووی دیتاتۆره‌کان ده‌نووسێته‌وه. هه‌موو ئه‌و لاشانه‌ی که ئه‌و سه‌گه ڕه‌شه ده‌یخواردن، ڕۆژێ له ڕۆژان به‌شێک بوون له جه‌سته‌ی ژنی کوردستان و به ژانێکی سه‌خته‌وه به دنیای هێنان، دنیاش نه‌یتوانی بیانپارێزێ و سپاردنی به نادیار و بیابانێکی

سەخت، لەوێشدا تەنها مەرگ هەبوو پێشوازی لە ژیان بکات. ئەم ژنانە بە ژانێکی زۆر سەختتر لە هی لەدایکبوون، بە ناچاری و لەژێر گورزی زۆرداریدا، ڕۆڵە تەمەن کورتەکانی خۆیان بە خاکێکی نامۆی بیابان سپارد، بەڵام ئەو دۆخەش کۆتایی نەبوو، کۆتایی حیکایەتی ژیانی ئەو منداڵ و مەزنانە ئەوە بوو کە دوای مردنیش ببن بە خۆراکی سەگێکی ڕەش.

دنیایەک کە دیکتاتۆری تێدا بێت، ئامانی تێدا نییە. گەلێک کە دیکتاتۆر نەک (حاکم)، بەڵکە (داگیرکەر)ی بێت، ئیدی چۆن لە مێژوویدا ((سەگی ڕەش)) و ((سەگی هار))یش دێڕە مەترسیدارەکان نانووسنەوە.

ژنانی کورد ئەگەرچی بەهۆی بارودۆخێکی سیاسی نالەبار و بە تایبەتیش لە پرۆسەی ئەنفالکردندا قوربانین، بەڵام بە شێوازێکی سادە و ساکاری خۆیان و بە وریەکی خۆڕسک و سروشتی کە هەمیشە هاوەڵیان بووە و، بە بەرەنگاربوونەوەی مەرگ و ژیانی نائاسایی، نەیانهێشت تەنها وەک قوربانی چاویان لێ بکرێت و، هاوکات ڕۆڵی قارەمان دەبینن.

ژنانی لە کارەساتی ئەنفال بەجێماو، کە لە تەوێڵیاندا نەخشەی قورسترین پەلامار بە ڕوونی دەبینرێ، لە هۆڵی دادگاییکردنی دیکتاتۆرەکاندا بە زمانێکی سادە و ڕاستگۆیانە مێژووی قۆناغێکی پڕ مەترسی نەتەوەی کورد و ژنی کوردستان دەنووسنەوە.

***

**هەولێر**
2006/10/02